ئەمریکا لە ڕێکخراوی یونسکۆ کشایەوە

بەهۆکاری" دژە ئەمریکی و دژە ئیسرائیلیە"سەرکی ئەمریکا کشانەوی وڵاتەکی لە ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و ڕۆشنبیریی نەتەوە یەکگرتوەکان (یونسکۆ) ڕاگەیاند.

دۆناڵد ترەمپ هۆکاری بڕیارەکی گەیاندوە بە ئەوی کە ڕێکخراوەکە خواستی "دژە ئەمریکی و دژە ئیسرائیلی" هەیە، هەروەها باسی لەوەکردوە، ئەو ڕێکخراوە زیان بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان دەگەیەنێت.

ئاماژەی بەوەشکردوە، بڕیارەکی ئەمریکا دوای پێداچونەوەیەک هات کە ماوەی 90 ڕۆژە لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە لە مانگی شوباتی ڕابردوەوە ئەنجامدراوە، لەو ماوەیەدا لێکۆڵینەوە لە "دەربەینی دژە جولەکە" و "هەڵوەستی دوژمنکارانە" بەرامبەر ئیسرائیل لەلایەن ڕێکخراوەکەوە کراوە.

بەڕپرسانی ئیدارەی ترەمپ دژایەتی خۆیان بە سیاسەتی فرەچەشنی و یەکسانی و گشتگیری یونسکۆ دەربڕی

بەڕپرسانی ئیدارەی ترەمپ دژایەتی خۆیان بە سیاسەتی فرەچەشنی و یەکسانی و گشتگیری یونسکۆ دەربڕی،

ئەوان نائەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر هەوڵەستەکانی لایەنگری فەلەستین و پڕۆسەندنی بەشداریکردنی

چین لە سەرکردایەتی هێکخراوەکەدا

ئانا کەلی، وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند، "سەرۆک ترەمپ بەیاریدا لە یونسکۆ بکشێتەوە، کە پشتگیری لە پرسە هێشنبیری و کەمایەتییەکان دەکات کە ناکۆکە لەگەڵ ئەو سیاستە دروستانەی کە ئەمریکییەکان لە مانگی نۆڤەمبەری 2024دا هەیانبژاردوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "سەرۆک هەمیشە ئەمریکا دەخاتە پێشەوە و کاردەکات بۆ ئەوەی دنیابێت لەوەی ئێندامێتی ئەمریکا لە هێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیدا یەکدەگرێتەوە".